# سەرچاوەكانی مەعریفە جۆراوجۆرن

خەسرەو ناقد
گفتوگۆ لەگەڵ كارل ریمۆند پۆپەردا
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: كارزان محەمەد



و: کارزان محەمەد

لەنێوان ئەو وتووێژانەی کە کارل پۆپەر لەدواساڵەکانی ژیانیدا ئەنجامی دا،ئەم گفتوگۆیەی ئێستا کە یەکێك لەتایبەتمەندترینیانە، کەمتر ناسراوە. ئەم گفتوگۆیە، هونەرمەندو وێنەگری ناسراوی ئەڵمانی (هیرلیندە کۆلبلڵ) لەگەڵ پۆپەردا سازی داوەو لەگەڵ کۆمەڵێکدا بلاوی کردەوە کە تیایدا سەرەڕای بڵاوکردنەوەی چەندین گفتوگۆی کورتی کەسایەتییە زانستیو کۆمەڵایەتیو کلتوریو هونەرییەکان، کۆمەڵە وێنەیەکی سەرنجڕاکێشیشی کە خۆی وێنەی گرتبوون، بەچاپ گەیاند[1].

ئەم کەسایەتیانە کە زۆرینەیان جولەکە یا بەڕەگەز جولەکەن، لەسەردەمێکی تایبەتیدا، چارەنوسێکی هاوبەشیان هەبوو، ئەوان هەریەکەیان بەجۆرێك –هەندێکجار سەرسوڕهێنەرانە توانیان لەساڵە مەترسیدارەکاندا کە دەسەڵاتی شومی نازیزمو فاشیزم بەسەر بەشێکی مەزنی ئەوروپادا زاڵ ببوو و کارەساتی مەزنی جەنگی جیهانی دووەمو جینۆسایدی بەکۆمەڵی جولەکەکانو دیلکردنو کوشتنی ئۆپۆزسیۆنەکان، پەڵەیەکی نەنگی بەڕووی (شارستانێتی مرۆڤایەتی)یەوە نابوو، لەو کوشتارە گیانیان ڕزگار بوو.

کاریگەرییەکانی ئەم سەردەمە لەسەر بیروباوەڕەکانی پۆپەر، و هەروا بینینی دەرئەنجامی سیاسەتە سەراسیمەییەکان کە بەناوی ئایدۆلۆژیای مارکسیزمو لەژێرئالای (سۆشیالیزمی زانستی)دا لەبەشێکیتری ئەوروپا پیادە دەکراو (پاکسازی) و کوشتاری مرۆڤانێکی بێشوماری بەدواوەبوو، زەمینەسازی دانانی یەکێك لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی ئەو، واتا کتێبی (کۆمەڵگای کراوەو دوژمنانی) بوو.

هاتنەوەی دەیەمینساڵڕۆژی کۆچی دوایی کارل پۆپەر، بۆنەیەك بوو تا من یەکێك لەدواگفتوگۆکانی ئەو وەربگێڕمو جارێکیتر ئەم بیرمەندە مەزنە بهێنمەوەیاد. من زۆر لە کارل پۆپەرو تێڕوانینەکانو تیۆرەکانی ئەو فێربووم. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، گەشبینی بێسنوری ئەو سەبارەت بەئایندە، هەندێکجار منی دەتاساند. بەتایبەتی لەهەندێکجاردا کە بەچاو دەمبینیو بینیم، زۆرێك لەهاوجۆرەکانی ئێمە چەند بەسەختی لەچوارچێوەیەکی تەنگو تاریکی ئایدۆلۆژیا جۆربەجۆرەکاندا دیلنو بەتوڕەییو توندوتیژییەکی بێئەندازەوە، کاتێك بەحوکمی مێژوو، هەندێك جار بەناوی خوداو یا تەنانەت بەبیانووی (بەرفرەکردنی دیموکراسی) پشتیان بەلەناوبردنی دەستکەوتە ماددیو مەعنەوییەکانی مرۆڤایەتی بەستووە. پۆپەر سەرەڕای ئەزموونی ترسناكو دوو جەنگی جیهانیو ڕووداوگەلێکی دەردناك لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەمداو سەرەڕای بینینی بەرفرەبوونی شەڕی توندوتیژانە لەگۆشەو کەنارەکانی جیهاندا، هەر گەشبینو ئومێدەوارە بۆ ئایندەو بەڕاستی شیاوی نازناوی (گەشبینترین فەیلەسوفی هاوچەرخ)ە. ئەو هەمیشە ئەم وتەیەی سوقراتی لەسەرلێوە کە دەڵێت:(مرۆڤایەتی دەبێ لەستەمکردن زیاتر بترسێت تا تەحەمولکردنی ستەم، و هەموو کۆششی مرۆڤ دەبێ بۆئەوە تەرخان بکرێت کە چ لەژیانی تایبەتیو چ لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەڕاستی چاکخواز بێتو نەك ئەوەیکە لەبەرچاوی خەڵکدا چاکخواز خۆی بنوێنێت. و ئەگەر گوناهێکی کرد، دەبێ سزا ببینێت تا لەخراپەکاری پاك ببێتەوە. و لەهەرجۆرە زمانلوسییەك، چ لەبەرامبەر خۆیو چ لەبەرامبەر ئەوانیتردا" خۆی بپارێزێت. و وتاردانو هەر هونەرێکیتر تەنها بۆ خزمەتی دادپەروەری بخرێتەکار.)

١ Juedische portraits, photographien und Interviews von Herlinde koelbl. Frankfurt am mian, ١٩٨٩.

*** ئاغای پرۆفیسۆر پۆپەر، تۆ لەسەردەمی خوێندنی ناوەندیدا، وازت لەخوێندنی خوێندنگا هێناو بڕیارت دا کە بەبێ مامۆستا، زانست بخوێنیت، بۆچی؟**

– خوێندنگا بۆ من، زۆر بەرەنج و خەماوی بوو. لەژیاندا هەرگیز هەستێکی لەوجۆرەم نەبوو، تەنها لەخوێندنگادا بوو کە هەستم بە دڵتەنگی دەکرد. تاکرپیتمی و دڵتەنگی خوێندنگا بۆ من، تا ئەندازەیەکی زۆر دەردناک بوو. هەڵبەتە ئەمە تەنها هۆکاری وازهێنان لەخوێندنگا نەبوو. ناکۆکییەکی زۆریشم لەگەڵ خوێندکارەکانیترو هەروا مامۆستاکاندا لەنێواندا بوو کە پەیوەندی بەئاشتیخوازی منەوە هەبوو، ئەویش لەساڵی (١٩١٨ز)دا، واتا دروست دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، بەڵام زیاتر لەوە حەز ناکەم باس لەم بابەتە بکەم.

*** تۆ لە دوانزدە ساڵیدا، بۆیەکەمینجار کتێبێکتان دەربارەی مەسەلە سیاسییەکان ڕاڤەکردو بوویتە ئارەزوومەندی مارکسیزم. بەڵام هێندەی پێنەچوو کە لە (١٧) ساڵیدا بوویت بەدژەمارکسیزم. چ شتێک بووەهۆی ئەوەیکە تۆ لەلاویدا ئینتمای دیدگایەکی بەوشێوە ڕەخنەیانە بۆ مەسەلە سیاسییەکان پەیدا بکەیت؟**

- نازانم کە تۆ زانیارییەکانی خۆتان لەکوێوە بەدەست هێناوە کە دەڵێیت من یەکەمینجار لەتەمەنی (١٢)ساڵیدا کتێبێکم لەبارەی مەسەلە سیاسییەکانەوە خوێندۆتەوە؟ من خۆم لەم بابەتە بێئاگام. ڕەنگە مەبەستتان کتێبە سەرنجڕاکێش و بەرەهاییەوە بێئازارەکەی نوسەری ئەمریکایی (ئیدوارد بلامی٢) بێت، ڕۆمانێکی خەیاڵییە بەناوی (نۆڕینێک لە ساڵی ٢٠٠٠وە بۆ ساڵی ١٨٨٧). ناوبردنی ئەم کتێبە بە (سیاسی)، وەک ئەوەیە کە ئێمە کتێبی (دەوری دنیا لەهەشتا ڕۆژدا)ی بەرهەمی نوسەری فەرەنسی (ژۆل ۆرن)یش بەسیاسی ناوببەین. بەڵام هۆکاری ئینتمای من بۆ مەسەلە سیاسییەکان، زیاتر بەهۆی ڕوودانی جەنگی جیهانی یەکەم لەساڵی (١٩١٤ز)دا بوو. ئەندامانی خێزانەکەی ئێمە، هەموویان ئاشتیخواز بوون و بەلای منەوە دیاربوو کە جەنگ –بەتایبەتی لەسەردەمی ئێمەدا ناچار بێبەزەییانەو نامرۆییانە دەبێت. لەم ڕووەوە ئەو لایەنگری و پێشوازییەی کەلەو کاتەدا لەجەنگ دەکرا، بەلای منەوە ترسناک و نیشانەکی خاوبیرکردنەوە بوو. من لەسەرەتاکانی ساڵی (١٩١٩)ی زایینی بووم بەکۆمۆنیزم، لەبەرئەوەیکە کۆمۆنیزمەکانی ڕووسیا لە (برست لیتۆسک) لەگەڵ هاوپەیمانانـدا ڕێککەوتنامەی ئاشتیان مۆرکردبوو"٣". ئەوەش کە چۆن (١٠) هەفتە دوای ئەوە، بووم بەدژەمارکسیست، لەکتێبی ژیاننامەمدا"٤" شیمکردۆتەوە.

*** ئاغای پرۆفیسۆر پۆپەر، دەڵێن تۆ نە ڕۆژنامە دەخوێنیەوەو نە سەیری تەلەفزیۆن دەکەن، گوێ لەڕادیۆش ناگرن. ئەمڕۆش ئیتر ئینتماو پەیوەندیت بەسیاسەتەوە نییە؟ و یا ئەوەیکە لەوبڕوایەدایت باشترە لەمەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژدا لەکەناردا بیت؟**



شکسپیر

- من تەنها کاتێک وتاری ڕۆژنامەکان دەخوێنمەوە کە یەکێک لەهاوکاران و یا هاوڕێیانم بەمن بڵێن کە پێویستە بیخوێنمەوە. لەمڕووەوە ئیشتراکی هیچ ڕۆژنامەیەکم نییە، تەنها چەند بلاوکراوەیەکی زانستی و پسپۆڕیی دەگاتەدەستم. تەلەفزیۆنیشم نییەو ڕەنگە بەدرێژایی ساڵ، یەک دووجار گوێ لەڕادیۆ بگرم. هەنوکەش تۆ دەتەوێ هۆکارەکەی بزانیت؟ بۆئەوەیکە کاتەکانم بەهەدەر نەڕوات و تا ئەندازەیەکی زۆریش لەدەردەسەرو ناڕەحەتیش بەدووربم. ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە کەنارەگیری لە (مەسەلە سیاسییەکان)ەوە نییە، لەبەرئەوەیکە من هەرگیز بەشداریم لەم مەسەلانەدا نەبووە. لەڕێگەی دۆستەکانمەوە ئاگادار دەکرێمەوە کە لەدنیادا چ ڕوودەدات.

[٢] Edward Belamy

[٣] Brest Litowsk مەبەستی لە ڕێککەوتنامەی (ئاشتی برێست لیتۆسک)ە کە لەسەردەمی لینیندا، لە (٣)ی ئازاری (١٩١٨) ی زایینیدا، لەنێوان ڕووسەکان و هاوپەیمانانی جەنگی جیهانی یەکەم، کە پێکهاتبوو لە وڵاتانی ئەوروپای ناوەند، واتا ئەڵمانیاو نەمساو مەجارستاندا مۆرکرا.

[٤] بنۆڕە کتێبی: Intellectual Autobiography. London and Glasgow, ١٩٧٦ Unended Quest. An

*** تۆ سەردەمێك لەسەر ئەم ڕایە بوویت کە لەنێوان دروشمە سیاسییەکاندا، ئەوەیکە بانگەشەی خۆشبەختکردنی مرۆڤایەتی هەیە، ڕەنگە لەهەموویان مەترسیدارتر بێت. ئەمە نیوسەدە لەمەوپێش باست کردووە، ئایا هێشتاش لەسەر وتەی خۆت ماویتەوە؟**

- بەڵێ، روونە کە هەنوکە لەسەر وتەکەم ماومەتەوە. هەڵبەتە ئاشکرایە کە بۆ خۆشبەختی هاوڕێ نزیکەکان پێویستە هەوڵ بدرێت، بەڵام نەك بۆ (مرۆڤایەتی). هەڵبەتە من لەوسەردەمەدا ئەمەشم بۆ زیادکرد کە هەوڵ بۆ بەرپاکردنی بەهەشت لەسەر ڕووی زەوی، هەمیشە ڕێگەکەی بەرەو جەهەنەم بردووە. ئەو کەسانەی کە واگومان دەکەن دەتوانن مرۆڤایەتی خۆشبەخت بکەن، مرۆڤگەلێکی مەترسیدارن.



نیچە

*** بۆچی لەوباوەڕەدایت کە ئەم مرۆڤانە مەترسیدارن؟ مرۆڤ بتەوێت و نەتەوێت ئومێدی بەخۆشبەختی هەیەو خەونی ژیانێکی باشتری لەخولیادایە.**

- بەڵام ئەم خەونە، خەونێکی مەترسیدارە. لەبەرئەوەیکە مرۆڤ دوای ماوەیەك وادێتەبەرچاوی لەسەرهەقە کە (مرۆڤگەلێکی بەدکار) لەناوبەرێت تا ئەوانیتر خۆشبەخت بکات. بەواتایەکیتر، ئامانج ئامڕازەکە ئاراستەو پیرۆز دەکات.

*** لەوبڕوایەدایت کە ئەم خەونە بەهەموو شێوەیەك و بەناچاریی ڕێگە بەرەو جەهەنەم دەبات؟**

- تازە کاتێکیش کە ئەم خەونە بووبە واقیع، خراپ و لەڕێلادەر بەهەمووان دەڵێن و بەناشایستانە قوربانی دنیای دەکەن. ئێمە لەدنیایەکی باشدا دەژین، بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوودا، جیاوازییەکە لەزەوییەوە تا ئاسمانە. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، هیچکەس ئەم واقیعییەتە ناهێنێتە سەرزمان و هەمیشە خراپ و لەڕێلادەر بەدنیا دەڵێن. ڕاستییەکەش ئەمەیە کە بەرپرسە ئایینی و ڕووناکبیرییە هەلپەرستەکان، هەمیشە خەڵك دەخەنە گومانەوەو هەڵیدەخەڵەتێنن. مەبەستم لە ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنە کە بەئێمە دەڵێن لە چ دنیایەکی خراپدا دەژین. من تەلەفزیۆن نابینم، بەڵام ئاگادارم کە چی دەڵێن و چی بڵاودەکەنەوە. بەڵێ، ژینگەی ئێمە لەمەترسیدایە، ئەم وتەیە بەتەواوەتی ڕاستە، بەڵام ئەم راستییەی بۆ کێشەیەکی ترسناك گۆڕیوە. بۆنمونە لەناوچوونی جەنگەڵەکان درۆیەکی گەورە بوو. جەنگەڵەکان لەکاتێکدا کە هەموویان باسیان دەربارەی لەناوچوونیان دەکرد، گەورەتر بوون.

هەمیشە مەترسی زیانگەیاندن بە جەنگەڵەکان و زیانبینینی درەختەکان هەبووەو ئەمڕۆش هەر هەیە. ئاشکرایە کە پێویستەو گرنگە بەربە لەناوچوونی جەنگەڵەکان بگیردرێت. بەڵام هاوارو ئاڵۆزکردنی ئەم کێشەیە، فێڵکردن و نەزانییە.

بۆ نمونە حیزبە سەوزەکانی ئەڵمانیا بەتێڕوانینی من دوودڵییەکی گران و بەتوندی تاکڕەوانەن، سەوزەکان بانگەشەی ئەوەدەکەن کە لەنێوان ئەوان و زانست و تەکنیکی نوێدا، کێشمەکێش و گرژییەکی گەورە هەیە. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەبێ زانست و تەکنەلۆژیا، ناتوانرێ پارێزگاری لەژینگە بکرێت.

دەریاو دەریاچە گەورەکان کە ژیان لەناویاندا بەرەو لەناچوون دەچێت، بەیارمەتی زانست و تەکنیکی پێشکەوتوو لەمەترسی لەناوچوون ڕزگار کران و سەوزەکان هیچ پشکێکیان لەم هەنگاوەدا نەبوو.

***تۆ لەوباوەڕەدا نیت کە هۆشیارکردنەوە سەرەتاییەکان کاریگەرترن تا زانست و توێژینەوە دەست بەکاردەبن؟**

- بەڵێ، هۆشیارکردنەوە کاریگەرە. بەڵام نەك بەهاوارو فریاد. سەوزەکان بەتایبەتی لەبارەی مەسەلەیەکیتریش بێکۆتا دژن. ئەوان دژ بەئەمریکان و هەمیشە گۆشەیەکی چاویان بەرەو ڕووسیای سۆڤییەت بووە، ئەویش زۆر بەرلە هاتنەسەرکاری گۆرباچۆف. ئەم کارە بەهیچ شێوەیەك شیاوی قبوڵکردن نییە، ئەمریکا ئەڵمانیای لەهەموو ڕوویەکەوە لەدەستی هێتلەر ڕزگار کرد. بەڵام لەئەڵمانیا و بەتایبەتی لەناو لاواندا، هەستی دژەئەمریکایی و پروپاگەندەی دژەئەمریکایی لێدەرێکی باڵادەستە، هەروەها

هەستی نەفرەتکردن سەبارەت بەنەتەوەکانیتریش. لەئەمریکا نــەفرەت ســەبارەت بەنەتــەوەکانیتر بــوونی نییــە، بــەڵام لەئەڵمانیا کۆمەڵە لاوێك هەن کە دژ بەئەمریکان.

*** تۆ هەمیشە یەکێك لەئۆپۆزسیۆنەکانی ئایدۆلۆژییەکان بوویت و هەمیشە بە بڕوانەبوون و گومان و دوودڵییەوە دەنۆڕیتە دروشمە گەورەکان. ئایا ئەقڵانییەتیش لەڕیزی ئەم دروشمە گەورانەدا نییە؟ ئایا بەناوی ئەقڵیشەوە کردارگەلێکی خراپ و سەیر ئەنجام نەدراوە؟ ئەگەر ئەم کارە قبوڵ بکەین، ئایا لەبنەڕەتدا ئەمە خۆی بەڵگەیەك نییە دژ بەئەقڵانییەت؟**

- بەڵێ، من یەکێکم لەئۆپۆزسیۆنەکانی ئایدۆلۆژیاکان، بەڵام بڕوام وانییە کە هەرگیز سەبارەت بەدروشمە گەورەکان گومان و دوودڵیم هەبێت. من نەك بەدروشمە گەورەکان، بەڵکو بە مژدەدەرەکان و ڕاگەیەنەرەکان کە زۆرینەیان سودی نیگەتیڤانەیان لەم دروشمانە بینیوە، بەدگومان بووم، لەکەسانێکی وەك نیتچە، هیگڵ و ئایدیالیستەکان و ناسیۆنالیستە پۆست کانتییەکان. ئەو تاوانانەی کە ڕۆسپیر بەناوی ئەقڵەوە ئەنجامی دا، بەڕاستی ترسناك و کارەساتبار بوو. بەڵام من لەبنەڕەتدا بەنادروستی دەزانم کە لەواندا (هۆیەك دژبە ئەقڵانییەت) یا (دژبەئەقڵانییەت لەبنەڕەتدا)ی لێبەرهەم بهێنرێت.

*** تۆ لەم بڕوایەدایت کە (هەمەجۆر سەرچاوەی مەعریفە هەیە، بەڵام مەرجەعییەتێکی بەڵگەدارو مەرجەعییەتێکی یەکتا دەست ناکەوێت). بەلای تۆوە سەرچاوەی مرۆییش بوونی نییەو بوونی نابێت؟**

– من دەمەوێ بڵێم: ( سەرچاوەکانی مەعریفە جۆراوجۆرن، بەڵام هیچکامیان بەسەر ئەویتردا لەپێشتریی و مەرجەعییەتیان نییە). من بەها و ڕێزێکی زۆر بۆ مرۆڤگەلێکی وەك مایکڵ ئەنجیلۆ، یۆهانس کیپلەر، یۆهان سپاستیان باخ، ئەیزاك نیوتن، وڵفگانگ مۆتزارت، ئیمانوێل کانت، ویلیام شکسپیرو... دادەنێم، بەڵام هیچکام لەوانە (سەرچاوەی بەڵگەدار) نین. تەنانەت لەزانستی ماتماتیکیشدا مەرجەعییەت نییە، ئێمە هەموو مرۆڤین و شیاوی هەڵەین، تائەوشوێنەی کە لەتیۆرەکانی (کۆرت گۆدیل)یشدا بەتازەیی، هەڵەگەلێکی کەم بایەخ، سەلمێنراوە٥.

*** تۆماس مان سەردەمێك وتوویەتی:(هونەر دەخوازێت بێت بە مەعریفە). تائەوشوێنەی کە من دەزانم تۆ یەکەمینجار لەم دەیەی دوایی دا، لەبارەی هونەرەوە کۆمەڵە تێڕوانینێکت خستەڕوو، ئایا لەنێوان هونەرو مەعریفەدا، نزیکی و پەیوەندییەك دەبینیت؟**

– نازانم کە ئایا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ بانگەشەیەکی لەوجۆرە بکرێت. بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکیش هەبێت، بەوشێوەیەیە کە لەتوێژینەوە زانستییەکاندا بەسروشتییەوە شتێکی هاوشێوەی لایەنە هونەرییەکانی مەعریفە ڕۆڵیان هەیە.

بەڵێ دەتوانرێ بانگەشەیەکی لەوجۆرە بکرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە نەخێرو یا ڕەنگە بەدەگمەن. گۆتە سروشتناس بوو، شیللەر فەیلەسوف. بەڵام بەهەمانشێوەی کە بەرلەمەش وتومە، من هیچ ئینتمایەکم بۆ تۆماس مان نییە، نە بەخودی ئەو و —نزیك بوو بڵێم نە بەنوسینە بێمایەکانی ئەو. لەنوسینەکانیدا هەمیشە دەبیستی کە لە(مەزنترین شاعیری هێشتازیندوو) دەدوێت.

*** ئایا فەیلەسوف بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و سیاسی تێڕوانینەکان و تیۆرە فەلسەفییەکانی خۆی و کاریگەرییە چاوەڕوانکراو و دەرئەنجامە پراکتیکییەکانیشیانی ڕاستەوخۆ لەئەستۆدایە؟**

– بەڵێ، ئاشکرایە.




*** تێڕوانینە فەلسەفییەکانی تۆ لەخۆگری ڕێزێکی ئەخلاقی دیاریکراوە، لەڕاستیدا جۆرە (ئەخلاقێکی توێژینەوەی زانستی)یە. ئایا**

٥ Kurt Goedel لۆژیکناس و ماتماتیکزانی ناوداری نەمسایی (١٩٠٦١٩٧٨ز).

**ئەم ڕێبازە کاریگەریشی لەسەر ڕێو ڕێبازی ژیانی کەسێتیتان داناوە؟ مەبەستم ئەمەیە کە لەنێوان فێربوون و خود، یەکێتییەك هەیە؟**

– بەڵی، ڕوونە. بەڵام ئەمە بەزاراوەی (فەلسەفەی من)، زیاتر لەخۆگری فێربوونە ئەخلاقییەکانە تا ئەخلاقی ڕاستخوازی.

*** لەسونەتی فەلسەفی ئەڵمانیادا وایە کە فەلسەفە لەگەڵ ئەو کەسەی کە نوێنەرایەتی دەکات و لایەنگری لێدەکات" پەیوەندییەکی نزیك هەیە. بەڵام لەبارەی تۆوە وادەردەکەوێت کە بنەمای فەلسەفی تۆ شتێکی جیاوازە لەمە، ئەو شتەی کە لەتۆ جیابۆتەوەو سەربەخۆیانە درێژە بەڕێگەی خۆی دەدات. لەمڕووەوە گرنگییەکی ئەوتۆی بەلاتانەوە نییە کە دەربارەی خۆتان بدوێیت. ئایا پێشبینییەکەم لەمبارەیەوە ڕاستە؟**

منیش فێربوونەکان – یا باشتر بڵێم بەرهەمەکە - لەپەیوەندییەکی نزیك بەکەسەکەوە دەیبینم. بەتایبەتی ئەگەر ئەو بەرهەمە بەرهەمێکی هونەری بێت. بەڵام بەبڕوای من ئەوەیکە بەرهەمەکەی خاوەنی بایەخە، بەرهەمە بابەتییەکەی بەلای ئەوەوە لەخودی خۆی گرنگترە.

*** تۆ ماوەیەك بەرلەمە، لەجێگەیەکدا ئەم وتەیەی "کانت"ت وتبۆوە کە (دوو شت هەمیشە من بەڕێز دەکات، ئاسمانێکی پڕلەئەستێرە لەسەر سەرم و یاسایەکی ئەخلاقی لەناخمدا). دواتر لەجێگایەکیترو لەبارەیەکیترەوە، وەبیرتهێنایەوە کە ئەم وتەیەی کانت بەزۆریی بەخراپ تێیدەگەن.**




- ئەوەی بەخراپ تێیدەگەن – لەکاتێکدا کە هەرکەسەی بەخوێندنەوەی دەستپێك، جەخت لەسەر (ئەنجام)ی دووەمین ڕەخنەی کانت (هەڵسەنگاندنی ئەقڵی پراکتیکی) دەکاتەوە ئەمەیە کە مەبەستی کانت لە (ئاسمانی پڕئەستێرە) تیۆرەکەی نیوتنەو نەك کۆمەڵێك ڕەمزی هەستپێکراو و یا بەوجۆرەی کە کانت دەڵێت، نەك (هەڵقوڵانی هەستەوەرەکان). بەمشێوەیە، ئاسمان بەلای کانتەوە دەبێتە سیمبولی سیستەمی جیهان.

بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە، تەنها بەسە کە تێڕوانینەکانی نیوتن ڕاڤە بکەین. لێرەدا ئاماژەکەی کانت بۆ تێڕوانینەکانی نیوتنە. مەبەستی ئەو لە واقیع، یاسای گرانشی نیوتنە. کانت ئەم یاسایەی لەبەرامبەر ئەوەیکە ئەو بە (یاسای ئەخلاقی) یا (ئەخلاقیات)ناوی دەبات" دایدەنێت. ئەم دووانەش کە لەتەك یەکتریشدا دایبنێین، وتەکەی کانت مانا دەبەخشێت، لەکاتێکدا کە پێناس و پیاداهەڵدانی ئاسمان مانایەکی نییە.

*** لەیەکێك لەنوسینەکانتدا هاتووە کە (بەلای ئێمەوە پێویستە ئەم بابەتە ڕوون بکرێتەوە کە لەپێناو دۆزینەوەو ڕاستکردنەوەی هەڵەکانماندا، پێویستمان بەئەوانیترە). تۆ خۆتان زیاتر لەهەمووان لەکێ فێربوویت؟ باشترین ڕەخنەگری تۆ کێ بوو؟**

– بەم مانایەی کە مەبەستی تۆیە، زیاتر لەهەمووان لە (ئەلفرید تارسکی)یەوە فێربووم[6]. بەڵام دەبێ بڵێم کە ناوهێنانی هەموو ئەو کەسانەی کە من شتیان لێوە فێربووم، پێویستی بەلیستێکی درێژ هەیە کە لەڕیزیاندا، هاوسەرە کۆچکردووەکەمی تیادایە. لەنێوان خوێندکارەکانی پێشووم، (دیڤید میلەر) زۆرترین هەڵەی تیۆریی منی ئاشکراو ڕاست کردۆتەوە.

*** ئایا بەلای تۆوە شتێکی هاونمونەی (یەهودیزمی من) هەیە؟ یا ئەوەیکە گوتەزایەکی لەوجۆرە بەلاتانەوە بێنرخە؟**

من یەکێکم لەئۆپۆزسیۆنەکانی گوتەزاکانی وەك - (ئەڵمانیزم) و هەروا (یەهودیزم). هەندێ لەئەڵمانییەکان یا هەندێ لەپەیڕەوانی مەسیحییەت، یەهودییەت و یا ئایینی ئیسلام، خزمەتێکی گەورەیان ئەنجام داوە، دروست وەك هەندێ لەفەرەنسییەکان یا ئینگلیزییەکان و یا بڕوادارانی نازانمگەرایی. بەڵام من هەر شێوازێك لە ناسیۆنالیزم بەخودپەرستییەکی گەندەڵییانەو یا بەئاوێتەیەك لە دەبەنگی و ترسنۆکی دەزانم. کەسی ناسیۆنالیست لەڕاستیدا ترسنۆکە، لەبەرئەوەیکە پێویستی بەپشتیوانی چینەکانە، ئەو جورئەتی نییە بەتەنیا لەسەرپێی خۆی بوەستێت. نەزانی و دەبەنگی ئەویش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە خۆی و هاوڕیزەکانی بە باشترو لەپێشتر لەئەوانیتر دادەنێت.

**سەرچاوە: سایت (اندیشە). تاریخ ٢٠٠٥/١/٢٣.**

**ترجمە: خسرو ناقد.**

---

[6] Alfred Tarski لۆژیکناسی لهستانی بەڕەگەز ئەمریکایی کە بەبەرهەمە بەناوبانگەکەی (ماناناسی)، بیروباوەڕەکانی پۆپەری خستەژێر کاریگەرییەوە. (١٩٠١١٩٨٣).